ئومێد خۆشناو: هەموو هەوڵێک دەخرێنە گەڕ بۆ ئاوێی ئەمساڵ کێشێی نەبوونی ئاو لە هەولێر سڕەنەداتەوە

پارێزگای هەولێر تێواوی هەوڵەکانی خێی دەدات بۆ ئاوێی هاوینی ئەمساڵ کێشێی نەبوونی ئاو لە هەولێر سڕەنەداتەوە.

بەپێی ڕاگەیاندراوی پارێزگای هەولێر، ڕۆژی پێنجشەمە، ئومێد خۆشناو پارێزگاری هەولێر، سەرپەرشتیی کەبوونەوەیەکی تایبەتی سەبارەت بە ئامادەکاریی بۆ وەرزی هاوین و دابین کردنی ئاوی ماڵان کرد.

لە کەبوونەوەکەدا کە جێگرانی پارێزگار و قائیمقامی قەزای ناوەند و بەڕێوەبەری گشتیی شارەوانییەکان و سەرۆکی شارەوانیی هەولێر و بەڕێوەبەرانی ئاوی هەولێر و ئاوی ژێر زەوی، ئاوی دەوروبەر، بەڕێوەبەری کارەبای هەولێر و بەڕێوەبەری مووەلیدەکان ئامادەیی بوون، پارێزگاری هەولێر لایەنە بەشداربووەکان و پەیوەندیدارەکانی ڕاسپارد، چارەی هەر کێشەیەك بکەن کە پەیوەندیی بە دابەشکردنی ئاوی گەڕك و ماڵکانەوە هەیە، ئەوەش لە ڕێگەی چاککردنەوەی ئامرەکان، لێگەڕ دابینکردنی کارەبای بەردەوام بە بیرەکان، بە جۆرێك کە بۆ وەرزی هاوینی ئەمساڵ کێشەی ئاوی خواردنەوەی پێویستی ماڵان دروست نەبێت.